# سیماكانی پۆست مۆدێرنە لە ئایدیای شیعریی شێركۆ بێكەس دا

كتێبی لە سیماكانی پۆست مۆدێرنە لە ئایدیای شیعری شێركۆ بێكەس، دا لەلایەن (لوقمان رەئوف)ەوە نوسراوە یەكێكە لەو كتێبانەی كە كاری لەسەر فكری شیعریی و هاتنە ناوەوەی ئەو رێبازە نوێیەی(پۆست مۆدێرنە) بۆ ناو كۆمەڵگای كوردی و رەنگدانەوەی بەشێوەی ناراستەوخۆو جیاواز لەلایەن شاعیران و نوسەران بە گشتی كردووە.

لە بەشی یەكەمی ئەم كتێبەدا نوسەر باسی لە چەمك و مێژووی عەقلانیەتكردوە و لەم پێناوەشدا عەقلانیەتی وەك هزر و ئایدیا تەوژمێكی خاوەن مێژوویی دوور و درێژ خستوەتەروو، بە شێوەیەك مێژووكەی دەگەرێتەوە بۆ رۆژهەلاتی كۆن و لە سەرەتاشدا لای یۆنانیەكان وەك تەوژمێكی فەلسەفی سەریهەڵداوە و لە رووی زمانیشەوە لە یۆناندا بەرامبەر (logos) یان (nous) یاسا و سیستم و وشە و پرەنسیپی گشتییە، عەقڵ بنەمایە بۆ تەواوی شتەكان و لەم روانگەشەوە عەقلانی بەرای (جۆن كۆتنهام) ئەو كەسەیە كە باوەری بە عەقڵ و بەڵگەیە وەك مەرجێكی پێش وەخت بۆ هەڵگرانێكی بیری.

دواتر نوسەر هاتوەتە سەر باسی چەمك و مێژووی مۆدێرنیزم، چونكە ناسینی مەرجە بۆ ناسینی پۆست مۆدێرنیزم و مۆدێرنیزم بە گومانە بەرامبەر بە شتەكان، یان گرنگیدان بە عەقڵ و لەسەدەی (١٦)وە كاری لەسەر كراوە.

دواتر نوسەر باس لە چەمك و مێژووی پۆست مۆدێرنیزم دەكات وشەی(post) لە ساڵی (١٩٣٩) و لای كۆژیف لە خوێندنەوەی هیگڵ دا بەكایهێناوە، بەڵام لە بواری هونەری دا لە ساڵی ١٨٧٠ لای(ئەمپر سیۆبنسنی) بەكارهاتووە.

بەرای (چارلز جینگز) پۆست مۆدێرنە لە كاتژمێر ٣:٣٢ /١٥ ژوئیەی/١٩٧٢ دەستیپێكردووە بەهۆی تەقاندنەوەی ئاپارتمانی ئیگۆ كە خەڵاتی كۆشكسازی وەرگرتبوو.

بۆیە ئارنۆڵد توینبی دەڵێت"پۆست مۆدێرنیزم واتە لەناوچونی كلتوری ئەورووپی و پێشكەوتن و زاڵبونی نا عەقڵانیەتە، بەڵام ئەوەش هەیە پۆست مۆدێرنە بە تەواوی دژە مۆدێرنە نییە، بەڵكو هەموو بەرهەمێك لەپێناو مۆدێرنە دا سەرەتایەك بوو بۆ پۆست مۆدێرنە، چونكە لە زۆر روانینەكانی مۆدێرنە رازی بوو، بەڵام لەوەدا دژی بوو كە عەقڵی دەكردە لۆگۆ سەنتەر و بریاردەری هەموو شتەكان، بەڵام ئەم جڵەوەدانە دەستی عەقڵە، عەقڵی مرۆڤی كردە خوانی خۆی.

لیوتار سەبارەت بۆچونی دووكەس لەسەر شتێك دەڵێت "ئاكامی پۆست مۆدێرنەمان دەستدەكەوێت، چونكە هەردووكیان راستن ، چونكە گرنگ نیە حەقیقەت چییە، بەڵكو گرنگ ئەوەیە بە شوێن بۆچوون و لێكدانەوە جیاوازەكاندا بگەرێنن".

لە بەشی دووەمدا و لە تەوەری یەكەمدا باس لە هزر لە شیعرەكانی شاعیردا كراوە لەگەڵ پلەكانی هزر لە دەقی شیعری شاعیردا، لە تەوەری دووەمدا باس لەسەر هەڵدانی مێژووی شیعری پۆست مۆدێرنە كراوە و لە شیعری ئەورووپیدا، شیعری پۆست مۆدێرنە لە ساڵی ١٩٥٦ بە شیعری (لورە ی (ئالین و بووك) و پاشان ١٩٥٧ بە رۆمانی (سەرشەقام)ی (جاك كیرواك)، لە شیعری كوردیشدا بە شعری بێكەسی شاعیر دەستپێدەكات، دواتریش باس لە شیعری تاروگە كراوە لەسەر شعری پۆست مۆدێرنەی كوردی.




لە تەوەری سێیەمدا باس لە سیماكانی پۆست مۆدێرنە كراوە لە شیعرەكانی شاعیردا و لەم پێناوەشدا نوسەر كاری لەسەر ئەو بنەمایانەدا كراوە كە شاعیر بە شێوەی سیمایی لەناو هزری شاعیردا رەنگیانداوەتەوە، نوسەر هەر بەناونیشانی كتێبەكەوە ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت كە شاعیر لەم روانگەوە پۆست مۆدێرنە نەك خۆی شاعیرێكی پۆست مۆدێرن بێت و هەزمی بیری پۆست مۆدێرنەی كردبێت ، بۆیە رەنگدانەوەكان ناراستەوخۆن لە ناو شیعرەكانی شاعیردا، بۆ ئەم مەبەستەش سیماكانی (بنەماشكێنی پێكهاتەخوازی و پۆست پێكهاتەخوازی، رەمزگەری زمان ، فێمێنیزم و هەستكردن بە نا یەكسانی و دژایەتیكردنی شەر) دواتریش باس لە تێكستە واڵاكان وەك دەرهاویشتە و بنەمایەكی تەكنیكی شیعری پۆست مۆدێرنە لە شیعرەكانی شاعیردا كراوە لەگەڵ دیاریكردنی تایبەتیەكانی پۆست مۆدێرنە بەمەش كۆی گشتی كتێبەكە هەوڵدانێكە بۆ خستنەرووی ئەو شەپۆلە بیرانەی لە ناو شیعری كوردیدا بە درێژای مێژوو لەگەڵ هۆرەكانی گۆرانكاریەكاندا هەبوون لە شیعرەكاندا رۆڵیان هەبووە.